# عێراق وگفتوگۆیەک لەگەڵ مانتال

ئەم گفتوگۆیە بە شێوەیەکی زۆر سادە و "مەکرو" باسی ئەم خاڵانە دەکەت: مانتال چییە و تایبەتمەندیەکانی؟ چ جۆر مانتالەک دەسەڵاتدارە لە عێراق؟ مانتالی جەماوەری عێراق چۆنە؟ چەند خاڵ وپرسیاری گرنگ بو عێراق، وشەیەکی کورت لە سەر قەندیل، ئەنقەرە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست1 وئەنجامی ئەم وتارە.
ئەم بابەتە نە بەس بابەتەکی زۆر فرە بەڵام زۆرcomplexeو قووڵە کە پەیوەندییەکی زۆر نزیک بە کونسێپتەکانی وەک: عەقڵ، سایکۆلۆجی، Ego، Espritبیرکردنەوە، هەست، جیهانی داخلی مرۆڤ، من و ویژدانەوە...هتد، هەیە. سنووری نێوان ئەم کونسێپتانە لێڵ و نادیارە.
بە شێوەیەکی زۆر سادە دەتوانین بڵێین کە مانتال = هەموو چالاکەکانی: فکر و هزر کردن، هەست کردن، سایکۆلۆجی...هتد، کە بە شێوەیەکی Consciente ou inconsciente پێکهاتوونە کە تەنیا لە داخلی ئینسانە، ناتوانن خۆی لە دەرەوە دەربخات و دروست بۆیە پاش لە دایکبوونی مرۆڤ.
مانتال بە شێوەیەکی مادی هەبوونی نییە و لەبەر ئەمە بۆ خۆی جیهان، کات و فەزایەک دروست دەکات تەنها بۆ ئەو کە بتوانێت هەموو شتێک بە شێوازی خۆی لە قاڵب بدات و هەموو شتێک دەکات بەس بۆ ئەوەی کە بتوانێت هەبوون و بۆنی هەبێت. چیرۆکی مانتال هیچ بنەمایەکی نییە و بۆ هەمیشە بە درۆ دەمێنێتەوە و تا ئەو کاتەی کە ئاگاداری هەموو فێڵ و ساختەکارییەکانی نەبین و نەناسین، بە بەردەوامی وبە ئارەزووی خۆی کۆنترۆڵ و دەستکاریمان دەکات. مانتال جێگای تەSavoir et l’intellect ونە جێگایConaissance. فلان کەس جیاوازی نێوان Connaissance et Savoir چییە؟ عەقڵی زماناسی زمانی کوردی پیرۆزی هەموومان بێت. ئێستا هەموو شتێک بووتە بە کۆپی عەقڵیەتی سەرکردەکانی کوردی= نزم، نەزان، دزی، گەندەڵی وپیسی.
چەند تایبەتمەندیەکانی مانتال: - سنووری بچوکە و حەز لە گۆڕانکاریی و تازەگەری نییە لەبەر ترس. - حەز دەکەت و دەگەڕێت بە دوای وەڵامێکی دڵخۆشکەر و ئاشنا کە پێشتر دەیزانی. - حەز لە ڕۆحانیەت وmystery ناکەت. - پێویستی بە تێربوونی خۆیە. - مانتال چونکە مەحدود و سنووردارە وبەهۆی ئەوە چارەسەر و پێشنیار کراوەکانی سنووردارن. - مانتال حەز ناکەت لە مەیدانی کاریگەری خۆی دەربچێت، چونکە پێی وایە خۆی بۆ خۆی بەسە، کافییە و ڕێگە بە تێگەیشتنێکی دیکە لە شتەکان نادات. - وا بیردەکاتەوە کە هەموو جار ڕاست دەکات.
- مانتال حەز لەvibration و دیمانسیونی بەرز ناکەت،...هتد.
بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە مانتال فرەئەدەی یان قەبووڵی ناکەی. هەر کاتێک مانتال ئاگادار بووتەوە وهەست بە ئەوە کرد کە لە شوێن و جێگای خۆی نییە مانتال دەبێتە شتێکی زەروری، پێویست و بە سوود: ئێمە دەرفەت دەدەین بە دیمانسیونەکی باشتر و گەورەتر کە جێگای بگرێتەوە و ئەمەش دیمانسیونی ڕۆح و ڕۆحانییەتە. هو فلان کەس من ئەمە بۆ تۆ نانووسم کە گوێ لەم یان ئەو مەلایە بگری یان ببن بە سەلەفیەکی نەزان و بێ شەخسییەت.
چەند خاڵ وپرسیاری گرنگ بو عێراق، هوشیار بارزانی گووت:" مێژووی مانتالی عێراقی چ لەسەر ئاستی جەماوەر وچ لەسەر ئاستی دەسەڵات چی فێرمان دەکات، تایبەتمەندیەکانی پێش و دوای ساڵی ٢٠٠٣.؟ ئەم مانتالە بە چ شێوەیەک و چۆن مامەڵەی لەگەڵ جەماوەری شیعە، کورد، مەسیحی و سوننە کردووە؟ ئاودانی شەڕ، تائیفیەت بە پێی دین، زمان و ئێتنی چۆن و بە چ شێوەیەک بوویە؟ ئایا لە مەیدانی ئاشنا و کاریگەری خۆی خارج بوویە؟ نە. ئایا بۆ بەرژەوەندی گشتی کاری کردووە؟ نە. ئایا بارودۆخی ئێستای عێراق ئێسبات ناکەت کە هەموو شتێک ڕێگەپێدراوە بۆ مانتالی نەخۆشی بەڕێوەبردنی عێراقی کە پاشایە؟ بۆ تا ئێستا، گواستنەوەی ئابووریی عێراقی بۆ ئابووریەکی دوای نەوت مەحاڵ بۆیە؟ لە بابەتەکەی پێشوودا کە لەسەر بەڕێوەبردن2 بوو پێویستی بە ئەم پرسیارانەش بۆ: بەڕێوەبردن پێویستە بە چ شێوەیەک بێت لە عێراقدا "Micro or Macro" و مانای ئەوە چییە؟ دەستووری عێراق پێویستە چۆن بێت: میلیشیای، تائیفی، و بۆ حەیوان کردنی کۆمەڵگا بێت؟ بۆ لە زەماندا چینی سیاسی و دینی دەسەڵاتداری عێراقی دەوڵەمەندتر دەبێت و جەماوەریش بە شێوەیەکی پیس باجەکەی دەدات. تەدەخولی دەوڵەت لە سیستەمی ئابووریدا دەبێت چۆن بێت؟
ناویان چییە هاوپەیمانانی بەردەوامی ئەم مانتالی دەسەڵاتداری عێراقی: ترس، توندوتیژی و شەڕی جیاواز، هەڵخەڵەتاندن و خاپاندن، تێربوونی نییە، کۆیلەی پارە، پلە و پۆستە، زۆر حەزی لە خۆی دەکەت و هەموویان خاوەنی دەها پاسەوانن لەبەر ترس، بەکارهێنانی ئایین، خارج نەبوون لە زانین و ویژدانی '٣د'، تالانی سەروەت و سامانی کۆمەڵگا، زانینەکی باش هەیە بۆ تائیفییەت و حەیوان کردنی کۆمەڵگا...هتد. = خواردنی مانتالی دەسەڵاتداری سیاسی و دینی عێراقی.
بۆویان زۆر ئاساییە: بەفڕۆکە سەفەر بکەن، تەنانەت ئەگەر وەزیر وگوزیریش نەبی، بەڵام لەسەر حسابی کێ، بە چ مافێک؟ هناردنی سەرمایەکی بی سنوور بۆ دەرەوەی وڵات، بە کار هینانی پارە و ئیمکانیاتی مادی بە شێوەیەکی زۆر پیس و کوشەندە،...هتد. مانتالی جەماوەری چۆن راهاتووە لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا؟ بێ گومان ترس3 بەشێکی گرنگی وەڵامەکەی ئەم پرسیارەیە. ترس پەیوەندیەکی زۆر زۆر نزیکەوە بە زەمانەوە هەیە(بەستراوەتەوە بە زەمان). زەمانیش ئیش و کاری ویژدانی "٣د"یە. هەر "جارێک" کە کەسێک بە فکر و هزر کردن داخلی "ئایندە" دەبێت، مانتال پێی دەڵێت: بوەستە، لێرە مەیدان و بوارێکی تایبەتە و داخلی مەیدانی هەست کردن بە ترس و مەترسی دەبی = ڕیسایکل کردنی بارودۆخی کۆمەڵگا، عەقڵیەت، کردار، ڕەفتار، فکر و هزر کردنەکی زۆر نزم و نەزانی من، تۆ، ئێمە، هێزەکانی ئەمنی، ئەندامی حزبی،...هتد. ترس چۆن بووتە هاوپیمانەکی ترسناک بۆ کۆمەڵگا؟ بۆ نموونە کەسێک کە ئەشکەنجە دراوە (هەرکەسێک بی، ئەگەر بتوانی باشترە پزیشکەکی دەروونناسی تایبەت ببینی بۆ ئەوەی خۆت دووبارە"ئاوەدان، دروست و چاک" بکەیتەوە)، زۆربەی جاران دەترسێت ئەمە یان ئەوە بڵێت و/ یان بکەت. داهاتوومان بە شێوەیەک لە جۆرەکان بە ڕابردوومانەوە مەرجدارە.
جیاوازی نێوان مانتالی دەسەڵاتی عێراقی پێش ودوای ساڵی ٢٠٠٣ چییە؟Dans le fond هیچ جیاوازیەک نییە، زۆر فێڵبازانە جیاوازیەکە لە فۆرمەکەدایە. نە بەس مێژوو بەڵام دۆخی ئێستای عێراقیش بە هێز پیشان وئێسبات دەکەن کە خاڵەکانی هاوبەشی مانتالی دەسەڵاتداری عێراقی (پێش و دوای ساڵی ٢٠٠٣)، زیاترن لە جیاوازییەکان وەک: - نەبوونی بەرژەوەندی عام و بە هێز کردنی تائیفییەت بە شێوەکانی جیاواز، پاراستن و بەهێزتر کردنی دەسەڵات، دەوڵەمەندکردنی بەردەوام و بێ سنووری خۆیان،personality cult، چارەسەر و

پێشنیار کراوەکانی هەموویان کلاسیکی و لە سەر فرێکانسەکی نزمە، بە شێوەیەکی گشتی، هەڵخەڵەتاندن و خاپاندنەکی زۆر پرۆفیشناڵ و شارەزای مانتالی جەماوەری و تاکەکەس، بەردەوام بوونی ئەم خاڵانە لە سەرانسەری عێراقدا؛...هتد=خارج نەبوونی مانتالی دەسەڵاتی عێراقی لە شوێن ولە ناوچەی ئاسوودەیی خۆی. کەی ئەم پەڕینەوەی شەوی ڕەشی ڕۆحی جەماوەری شیعە، کورد، سوننە و مەسیحی لە عێراق تەواو دەبێت؟"
بێ گومان و لە سەدا سەد بە شێوەیەکی "مەکرو" دەتوانین بڵێین: کە لەسەر ئاستی مانتالی دەسەڵاتی کوردی کـ**rupture**
پەیدا بۆلە کۆتایی ساڵی ١٩٦٩ ('بزووتنەوەی' مانتالی جەماوەری کوردی لە دۆخێکی تایبەتدا بوو تا ساڵی ١٩٦٩)، کە ئێستاش دەتوانین بە ڕوونی کاریگەرەکانی زۆر نێگەتیڤی ئەمە ببینین.
دوای ١٩٦٩ زۆر بە ڕوونی مانتالی سەرکردایەتی کورد لە باڵی ڕۆحی دوور کەوتەوە وە تایبەتمەندیەکانی مانتال کە لە سەرەوە باسمان کرد بوونەتە باڵادەست. و لە هەمان کاتدا مانتالی جەماوەری کوردی لە نێوان چەندین ڕەوتدا 'پرتو بڵاو بووەتەوە' کە خاڵەکانی هاوبەشیان زیاترن لە جیاوازیەکان. هوشیار بارزانی گووت :"وردە وردە و بێ ئاگاداری تایبەتمەندیەکانی مانتال بە شێوەیەکی زۆر پیس هاتوونە چەسپاندن لە ناو کۆمەڵگادا بە جۆرەک کە کوردستانی عێراق لە خاڵەکانی خوارەوە خارج نەبووە لە ساڵی ١٩٩١ تا ئێستا: بە هێز کردنی هەڵخەڵەتاندن و خاپاندنەکی زۆر پرۆفیشناڵ و شارەزای مانتالی جەماوەری کوردی بە شێوەکانی جیاواز و نزم ، شەڕی بەردەوام و جیاواز لەگەڵ جەماوەر، ٩٥%دی ئابوری کوردستان لە ژێر کۆنترۆڵی ٥% دایە و دەوڵەمەند بوونی بێ سنوور و بەردەوامی ئەم پێنج دەرسەدە، میلیشیا و حەیوان کردنی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی گشتی، خزمەت کردنی ئەکتەری دەولی خارجی، بازرگانی کردنەکی زۆر پیس بە کۆمەڵگا وسەرچاوە سروشتییەکان(نەوت، غاز، ئاو،زەوی،... هتد)،...هتد.
بە شێوەیەکی سادە و "مەکرو"بۆمانتالی جەماوەری کوردی ئەم شتانەی خوارەوە بوونەتە شتێکی عادی: ڕیسایکل کردنی تالانی جیاوازی سەروەت و سامانی کۆمەڵگا؛ دزی و گەندەڵی زۆر گەورەی جیاوازی شەرعی، توندوتیژی جەستەیی و سایکۆلۆجی، ئابوری...هتد؛ کوشتن، تیرۆر کردن و ئەشکەنجەدان؛ ترس ستەم و زوڵموزوری جیاواز،...هتد؛ پاسیڤ بوون و هیچ نەکردنی کۆمەڵگا بۆ رزگار کردنی خۆی لە فرێکانسەکانی زۆر نزمی بەڕێوەبردنی میلیشیای؛ و ئاگاداری ئەم خاڵانە نییە = مەحدود و سنووردارە و بە هیچ شێوەیەک لە مەیدانی 'زانین'، کاریگەری و کارکردنی خۆی دەرنەچووە = زەوییەکی زۆر بە بەرهەم و بەبەرەکەتە بۆ مانتالی دەسەڵاتی کوردی کە ئەم خاڵەکانی خوارەوە بوونەتە شتێکی زۆرعادی بۆی:
زیندانی کردن و ئەشکەنجەدانی کەسوکاری زۆر نزیکی خۆیان، هەبوونی بنکەی سەربازی ئەکتەری دەولی خارجی لە کوردستان و دەزگای سیخوڕیکردنیان بە شێوەکانی جیاواز، کوشتن و تیرۆر کردنی فلان کەس یان ڕۆژنامەنووس،...هتد، بەردەوام بوونی تاڵان کردنی شەرعی[4] کۆمەڵگا، بەردەوام بوونی گواستنەوەی سەرمایەکی بی سنوور بۆ دەرەوەی وڵات و ئەوە لە کاتێکدا کە قەرزەکانی " حکومەتی هەرێم " نزیکەی ٣٨ ملیار دۆلارە[5]، کوشتن و برینداربوونی هەزاران پێشمەرگە لە شەڕی براکوژیدا، شەڕی بەردەوام لەگەڵ کۆمەڵگادا و حەیوان کردنی، تائیفی کردنی کۆمەڵگای کوردی لە ڕووی جوگرافی، زمان و سیاسییەوە، هێزەکانی ئەمنی و پێشمەرگە مووچە وەردەگرن لە ڕێگەی یارمەتی ساڵانەی ڕاستەوخۆی ئەمریکی کە ٢٤٠ ملیۆن دۆلارە[6]، هەبوونی دوو سێ ئیدارەی جیاوازی ئەمنی، دارایی،...هتد.
ڕۆژ بە ڕۆژ دۆخی کۆمەڵگا خراپتر دەبێت چونکە مانتالی دەسەڵاتدار مانتالەکی نەخۆشە."
مانتالی شخسییەتمەدار، چالاکوان، پەرلەمانتار، ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیری کوردی چۆنە فلان کەس؟ ئایا پێویستە چەند نموونەیەک بهێنینەوە لە ناو زەمان و مەکاندا بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە؟ نە. کار کردن، رەفتار و کردار، عەقڵیەت و نووسینی ئەمانە زۆر بە هێز وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەنەوە. بە کورتی و بە عقڵەکی زۆر زۆر سادە هوشیار بارزانی گووت:" بێگومان کۆپی مانتالی دەسەڵاتی ڕزی کوردیە".
بۆ مانتالی دەسەڵاتداری سیاسی و دینی عەرەبی شیعە و سوننەی عێراقی نە بەس هیچ کـ**rupture** پێش و دوای ساڵی ٢٠٠٣نەبوویە، بەڵام لە هەمان کاتدا سێ وشە زۆر چاک وەسفی دەکەن پاش ساڵی ٢٠٠٣: **Continuité, multiplicité et manipulation**
هوشیار بارزانی گووت:" سەدام و کەسوکاری چۆن و بە چ شێوەیەک دەوڵەمەند بوون و چۆن دەسەڵاتیان دەویست؟ چینی سیاسی و دینی ئێستای عێراقی چۆن و بە چ شێوەیەک دەوڵەمەند بوونە و چۆن حەزیان لە دەسەڵاتە؟ حزبی بەعس چۆن، بە چەند شێوەیەک سەروەت و سامانی عێراقی تاڵان کرد؛ و ئەم تالانکردنەی ئێستا چۆنە، ناوی چییە، بە چەند جۆرەکە؟ ترس، ستەم و زوڵموزوری ڕژێمی خوێنڕێژ و دڕندەی سەدام ڕاستەوخۆ بوو؛ بەڵام ترس، ستەم و زوڵموزوری ئێستای چینی سیاسی و دینی عێراقی چۆنە؟
چەند تایبەتمەندیەکانی مانتالی جەماوەری عەرەبی شیعە و سوننەی عێراقی: خاپاندن و هەڵخەڵەتاندنەکی زۆر ئاسان بەپێی بارودۆخەکە؛ دەرنەچوون لە تایبەتمەندیەکانی مانتال کە لە سەرەوە باسمان کرد؛ ڕیسایکل کردنی: تاڵان کردن، دزی و گەندەڵی شەرعی سیاسی، دینی، ئابوری، ئەمنی، پەروەردەیی، تەندروستی، میدیایی...هتد؛ توندوتیژی جەستەیی و سایکۆلۆجی، ئابوری...هتد؛ کوشتن، تیرۆر کردن و ئەشکەنجەدان؛ ترس ستەم و زوڵموزوری جیاواز،...هتد؛ تائیفییەتەکی زۆر بە هێز، هیچ نەکردنی کۆمەڵگا بۆ رزگار کردنی خۆی لە فرێکانسەکانی زۆر نزمی بەڕێوەبردنی میلیشیای و دیکتاتۆری؛...هتد. = خاڵەکانی ژێرەوە زور ئاسایین بۆ مانتالی دەسەڵاتداری سیاسی و دینی عەرەبی شیعە و سوننەی عێراقی کە زۆر چاک فێر بوویە چۆن بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێت:
هەبوونی بنکەی سەربازی ئەکتەری دەولی خارجی و سیخوڕیکردن بۆی زۆر ئاسایی و شەرعییە، گوێی لێگری ئەکتەری دەوڵی خارجییە بە جۆرێک کە بەبێ ئەوەی دواتر ناتوانن ئەم پۆستە یان ئەو پۆستە 'هەڵبژێرن'، نەبوونی ویژدانێکی نیشتمانیی حوکمڕانی و هەبوونی ویژدانەکی تائیفی، ئێتنی و دینی زۆر بچووك = تائیفی کردنی کۆمەڵگا لە ڕووی جوگرافی، سیاسی، ئێتنی و دینی؛ تیرۆر کردنی فلان کەس، ڕۆژنامەنووس یان کوشتن و بریندار کردنی سەدان خۆپیشاندەران...هتد، بەردەوام بوونی حەیوان کردنی جەماوەری شیعە، سوننە، دزی و گەندەڵی شەرعی زۆر گەورە و شەڕی بەردەوام لەگەڵ کۆمەڵگادا؛ بەردەوام بوونی گواستنەوەی سەرمایەکی بی سنوور بۆ دەرەوەی وڵات و ئەوە لە کاتێکدا کە قەرزەکانی بەغدا لە ساڵی ٢٠٢٠زیاتر لە ١١٢ ملیار دۆلارە کە بەرزترین ڕێژەیە لە ماوەی ١٦ ساڵی ڕابردوودا[7]،...هتد.
بۆچی باسی بەغداش دەکەم؟ لەبەر چەند خاڵێک و لە نێوانیاندا: پێش و دوای ڕووخانی سەدام مانتالی دەسەڵاتداری عێراقی مانتالەکی توندوتیژی و شەڕی جیاوازی بەردەوام؛ تائیفییەت، تاڵان و حەیوان کردنی کۆمەڵگایە؛ دوای ساڵی ٢٠٠٣، ی**structure** هێز گۆڕیوە لە عێراق بە شێوەیەک کە هەموویان تەواوکەری یەکترن بۆ خزمەتکردنی ئەکتەری دەوڵی خارجی، بازرگانی کردن، دزی وگەندەڵی شەرعی بە کۆمەڵگا؛ هەندێک شت ناتوانن بە تەنیا بیکەن(نە بەغدا و نە هەولێر)،...هتد."
گرنگە یارمەتیەکانی جیاوازی یەکێتی ئەورووپاو ئەمەریکا بۆ عێراق لەچوارچێوەی ئەم وتارەدا بن.
مانتالی دەسەڵاتی تورکیا چۆن بوویە دوای ساڵی ١٩٢٣؟ بە چ شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگا و بەتایبەتی لەگەڵ جەماوەری کورد کردووە؟

**personality cult** بۆ مانتالی دەسەڵاتداری تورکی چۆنە وچۆن بوویە؟ ناویان چییە هاوپەیمانانی بەردەوامی مانتالی دەسەڵاتداری تورکی؟ مێژوو ئێسبات دەکەت کە مانتالی دەسەڵاتداری تورکیا، نە بەس لە مەیدانی کاریگەری، زانینی کلاسیکی و مەحدودی خۆی خارج نەبوویە بەڵام بە شێوەیەکی سەقەت ویستویەتی بیرۆکەکانی حوکمڕانی کۆمەڵگای غەربی کۆپی بکات؛ و پێکهاتووە لە: ترسی بەردەوام و ڕەنگاوڕەنگ، شەری بەردەوام لەگەڵ کۆمەڵگا وبە تایبەتی لەگەڵ جەماوەری کورد، تائیفییەت کردنی کۆمەڵگا بە پێی دین، زمان و ئێتنی؛ ئاودانی ئایدۆلۆژیایەکی هێرشبەر،...هتد، و ڕیسایکل کردنی ئەم خاڵانە = مانتالەکی دەسەڵاتدار کە ووشک، نەخۆش، زۆر لە خۆی ڕازیە و هیچ جۆر کـ**rupture** لە ناودا پەیدا نەبوویە پاش ساڵی ۱۹۲۳. یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی کۆمەڵگا و هەدەپە ڕزگارکردنی کۆمەڵگای تورکیایە لەم مانتالی توندوتیژی بچووک، ووشک، نزم و شەری جیاوازی داخلی و خارجی. بەڵام بە چ شێوەیەک وچۆن؟ هەر چەند لە مانتالی خۆتان حاڵی نەبن و بە بەردەوامی لە ناو فرێکانسەکی نزم دابن ئەوندە زیاتر ئیش و کاری ئێوە قورسترە. ئەو شەش لایەنەی هاوپەیمانییان پێکهێناوە لە ئۆپۆزسیۆنی تورکیا و بە فەرمی هەدەپە لێ دوورخرایەوە.= ئەم شەش لایەنە نە بەس لە مانتالی خۆیان حاڵی نەبوونە بەڵام لەژێر کۆنترۆڵی مانتالەکی ووشک، بچووک و تەسک دانە. = بازنەکی زۆر خراپ و نزم لە زەماندا. پاژۆ شریك پاژۆ نەزان.

هو قەندیل مێژووی مانتالی ئێوە چی فێرمان دەکات و تایبەتمەندیەکانی؟ ئایا مانتالی ئێوە لە مەیدانی کاریگەری و کلاسیکی و بچووکی خۆی دەرچۆیە؟ نە. **personality cult** بۆمانتالی دەسەڵاتداری ئێوە چۆنە؟ بە چ شێوەیەک لە ڕێگەی شەڕەوە لە کوردستانا عێراقە مانتالی ئێوە و مانتالی دەسەڵاتداری تورکی خزمەت بە یەکتر دەکەن؟ ناویان چییە هاوپەیمانانی کاتی و بەردەوامی مانتالی ئێوە؟ ئایا ئێوە ئاگادارن یان نە کە شەڕی گەرم لە کوردستانا عێراقە وەک زەوییەکی زۆر بە بەرهەم و بەبەرەکەتە بۆ مانتالی دەسەڵاتداری تورکی لە زەماندا؟ ڕیسایکل کردنی مانتالی ووشک و بچووکی ئێوە چۆنە؟ پێویستە باش ئاگداربن کە بەرژەوەندی مانتالی بچووکی (دەتوانم چەند نموونەیەک باس بکەم لە زەماندا)، ئێوە بە هیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندی عامی کۆمەڵگا دا نییە. نموونەیەکی زۆر سادە:

فلان کەس کە لایەنگری ئێوە بوو و زیاتر لە حەوت ساڵ لە زیندانی تورک دابوو، بیرەوەرییەکانی خۆی بە ئێوە سپاردە بوو بۆ بڵاوکردنەوە؛ تا ئێستا نە بەس بڵاو نەبوونەتەوە بەڵام هیچ کەسێک نازانێت چییان لێ هاتووە؟ مانتالی بچووکی ئێوە دەڵێت: ئێمە ئاگادار نینە یان بزربوونە. پاژۆ مانتالی بچووک و نەزان، پاژۆ.

مانتالی دەسەڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیک چۆنە؟ مێژوو چی ئێسبات دەکەت لە سەر ئەم بابەتە؟ مانتالی دەسەڵاتی ئەم هەرێمە خاوەنی **structure**ی توند، ووشک، ڕەق، نەخۆش و سابتە کە پێکهاتەکانی: هەبوونی "دیموکراسییەکی" تایبەت لەسەر ترسی بەردەوام، ستەم و زوڵموزوری، تاڵان کردن و دزی و گەندەڵی شەرعی زۆرقوڵ، شەڕی جیاواز...هتد، زۆر لە خۆی ڕازیە و ڕیسایکل کردنی ئەم خاڵانەیە. ئایا مانتالی دەسەڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیک لە ئەم خاڵانەی کە پێشتر باسمان کرد خارج بوویە؟ نە. خاپاندن و هەڵخەڵەتاندنی مانتالی جەماوەری ناوچەکە چۆنە و بە تایبەتی ترس چۆن بووتە هاوپیمانەکی ترسناک؟ چۆن مانتالی جەماوەری بۆ خۆی زیندانەکی تایبەتی بە هێز دروست کردووە؟

لە کۆتاییدا هوشیار بارزانی گووت:" بە پێی ئەوەی سەرەوە و لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئێستای عێراق دەتوانین بڵێین کە مانتالی دەسەڵاتداری سیاسی و دینی عێراقی بە شێوەیەکی عام مانتالەکی نەخۆش، تێربوونی نییە، زۆر لەخۆی ڕازیە، بەبەردەوامی لە ناو فرێکانسەکانی نزمدا دەژیت، **Sous-développé**و بە هیچ شێوەیەک لە مەیدانی زانینی خۆی خارج نەبوویە ....هتد. = بازنەکی زۆر پیس و خراپ. ئەم مانتالە نە بەس بە شێوەیەکی زۆر بەهێز پەیوەندی بە تایبەتمەندیەکانی خۆیەوە هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا بێ ئاگایە لە مەکان و زەمان یان ویژدان ومردنی جەستەیی. لە کاتێکدا کە ئەم مانتالە بوویە کۆیلەی پارە، پلە و پوست( دابەشکردنی عێراق لە نێوان چەند مانتالەکی نەخۆشدا: بەرپرسەکانی مەرکەزی حزبی و کەسوکاریان ڕۆژ بە ڕۆژ دەلەمەندترن، بە ئاسانی ملیۆنێر یان ملیاردێر دەبن: بۆ نموونە فلان کەس بە یەک ڕۆژ خاوەنی ٥٠ ملیۆن دۆلار دەبێت) و هیچ مەجال نییە بو فرێکانسەکانی بەرزتر، گۆڕینی حکومەت یان سەرۆک وەزیر، سەرۆک کۆمار یان فلان وەزیر وگوزیر هیچ مانایەکی نییە. بێ گومان حکومەتی نوێ محەمەد شیاع سودانی دەبێت بە کۆپی حکوومەتەکانی پێشووتر. عێراق چارە چییە؟ زۆر چاک فێر بووی سەر لە دیوار بدەی. باش ئاگادار بە کە بەس یەك چارەتان هەیە = وەرە = دیمانسیونەکی بەرزتری ویژدان، تێگەیشتن، بینین و زانین."

فلان کەس ئەگەر لە ڕووی دەروونییەوە تێک نەچووبی دەزانی کە زۆرگرنگە بڵاوکردنەوەی ئەم وتارە لە سەرانسەری عێراقدا.

م. امین

1-لە هەموو وتارەکانمدا مەبەستم لەوە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ونزیکە.


2- https://kcdme.com/M.%20Amin%2029.07.2022.pdf
3-https://kcdme.com/M%20Amin%2004.12.2020.pdf
4-https://kcdme.com/M.%20Amin%2015.03.2021.pdf
5-https://orientxxi.info/magazine/le-kurdistan-irakien-dans-l-impasse-et-les-divisions,5887
6-https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/us-role-iraqs-political-crisis-guidelines-more-effective-engagement
7-https://www.statista.com/statistics/531624/national-debt-of-iraq/